# ثيشمةرطة ذنةكان بؤ دةدوين

**ئامادەکردنی:**

**منیرە مەخووری- هێرۆ جەزا**



**ئامینە محەمەد رەشید**

**(دایکی هاوڕێ کامەران):**

## لة سالَى ( ٦٢ ) دا هاوسةرةكةم لةتازةدى لةمزطةوتداو لةكاتى نويذى عةسردا، كاتيك كة بؤردومان كرا شةهيد كراوة

کامەران کە کوڕە بچوکەکەم بووە، لە شەشی سەرەتایی بوو پەیوەندی کردبوو بە ڕێکخستنەوە. بە نهێنی کاری لە گەڵدا دەکردن ، کاتێك هەستم کرد کە کوڕەکەم ئەو کارە دەکات ، کۆمەڵێك کاغەزو شتی لــە ژێــر خــانی ماڵەکــەدا شــاردبۆوە .

ڕۆژێکیان هاتن بۆ تەفتیش منیش هەموو کاغەزەکانم بـرد فرێمدایـە نـاو تەنەکـە خۆڵی دراوسێیەکەمانەوە، بۆ ئەوەی هیچ لــە ماڵەکەمانــدا نەدۆزنــەوە ، دوای کەڕۆیــشتن چــووم هــەموو شــتەکانم هێنایەوە.

ڕۆژێکیــان زۆر درەنــگ بــوو کامــەران نەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە . ژنێکی دراوسێمان هـات وتـی: دایـە ئـامین مەترسـە لەگـەڵ کورەکەی من و سێ کوڕی تـردا چوون بۆ شاخ.

ئـێتر مـن ئـەو شـەوە لەترسا خـەوم لێنەکـەوت , بـەیانی زوو لــە مەرکــەزی پێنجـوێن بانگیـان کـردین ووتیـان وەرن ئیــشمان پێتانــە. منــیش بــەو هــەموو ترســەوە ڕۆیــشتم کــە گەیــشتمە ئــەوی

موديرى ئەمنەكە لێيپرسيم بۆچى كوڕەكەت چۆتە دەرەوە؟

منيش وتم: شەڕمان بووە و ڕقى داهات وڕۆيووە و چۆتە دەرەوە, هيچ دەسەلاَتێكى منى تێدا نيە , هەستام بێمەوە وتم: ئەوە ئێوە پرسيارەكانتان تەواو بوو, من ئەڕۆمەوە. بە تورەييەكەوە وتى : ڕۆيشتنەوەى چى؟ پۆليسى بەردەرگاكەى بانگ كردوو وتى: بيبەن بۆ لاى گيراوەكانى تر.

ماوەيەك لەوىَ گيرام دواى برديانين بۆ ئەمنى سليمانى ماوەيەكيش لەوىَ ماينەوە ڕۆژێك هاتن و پێيان وتين ئەتان بەين بۆ سجنى (سەماوە) . ئێمەش وتمان لەگەلَ ئێوەيا ناڕۆين خۆمان سەيارە ئەگرين ، ئيتر سەيارەيەكمان گرت و چوار دەوريشمان سەيارە بوو چاودێريان ئەكردين ،( ١٢ ) سەعات بەڕێگاوە بووين خەريك بوو ئەخنكاين لە تينواندا ، كاتێك پێمان وتن ، تۆزێك ئاومان بەنىَ وا ئەمرين لە تينواندا وتيان : ئاوى چى ئێستا ئەتان بەين سەرتان ئەبڕين بە ئيشارەت دەستى خستە سەر ملى بۆ ئەوەى بمان ترسێنێت

كاتێك كە گەيشتينە ئەوىَ سەيرمان كرد سجنێكى گەورە بوو پڕبوو لە خەلَك رەنگە(٧٠٠ ) هەر منداڵى تێدا بووبێت ، ژيانێكى زۆر ناخۆشمان لەوىَ بەسەر دەبرد.

ئەوەندە خەلَكى تێدابوو كە ئەخەوتين جێگامان نەبوو، قاچ ڕاكێشين ئەبوايە هەر بە دانيشتنانەوە لە جێگاى خۆمان بخەوين ، من زۆر بەختەوەر بووم چونكە جێگايەكم گرت بوو ئەمتوانى تێيدا بخەوم ئيتر لەگەلَ ژنێكى ناسياوما بەنۆرە شەوێك من ئەخەوتم شەوێك ئەو. تياماندا بوو سىَ مانگ جێگاى قاچى نەبوو درێژى بكات هەر بەدانيشتنانەوە ئەخەوت ، ژنێك لە سجنەكەدا بۆى گێڕامەوە كە بە هۆى پيس و پۆخلَى شوێنەكەوە چەندين جۆر مێروو لە شوێنەكەدا بووەو تا ڕۆژێك پياوێك بە ناوى وەستا حەسەنەوە دێت بۆ مواجە ، كە ئەزانێت حالَەكەيان وايە ئەچێت جل بۆ هەموويان دەكڕێت مقەست گوێزانيان بۆ دەهێنێت ئەلَێت هەموتان سەرتان بتاشن و ئەو پيسيە لە خۆتان دوور بخەنەوە.

ئينجا باسى لە خواردنى ناو سجنەكە كردوو وتى: هەموو ڕۆژێك برنج و شلەى شێلميان بۆ لێدەناين برنجێكى بۆن ناخۆش شێلمەكەشيان بەناو زێرابەكەى بەردەماندا ئەبردوو بەبىَ شتنەوە بۆيان لێدەناين، بۆيە ئێمەش قەت نانى ئەوانمان نەدەخوارد بە پارەى خۆمان لە دەرەوە كەسێكمان ئەنارد خواردنى بۆ

ئــەهێنایـن حـــەوزی پیـــسایەکە لـــە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بوو بۆنەکەی زۆر بێــزاری کردبــووین، هــەتا ئــەیان بــردین لەچـــکەکەم تونـــد ئەبەســـت لـــە دەم و لوتمەوە بەتانیەکەشم ئەدا بە خۆما هەر خـەریك بـوو ئـەمردم وئاو چـۆڕ چـۆڕ بـە چاومدا ئەهاتە سەر چاوم.

جارێکیـان هـەتا (٣) ڕۆژ ئاویـان بـۆ نەهێاین خەریك بوو نیوەمان لە تینویاندا بخنکێین، کە ئەشمان ووت بۆ ئاومان بۆ ناهێنن ئیشارەتیان بۆ حەوزی پیسایەکە ئەکرد ئەیانوت ئەوە ئاوە بچن لەوێ ئاو بخۆنەوە.

ڕۆژێکیان پیاوێك بۆ مواجە هات بۆ لای خزمێکـی لێمـان پرسـی لـە کوێـوە هاتووی وتی : لە دارۆغانەوە.

ئێمـەش پێمـانوت: هەریەکەمان (١٠) دینارت ئەدەینێ بیبە بۆ پێشمەرگەکانی ئەوێ.

ووتـی : نـاوێرم ناوەکانیش زۆرن کە ئێـوە پێتـان وتم بـیرم ئەچێتەوە ، هــەر چۆنێك بوو ڕازیمان کرد هەرکەسەو (١٠) دینار و نـاوی کوڕو هاوسەر و براکانمان لێ نووسی و دامانێ بۆ ئەوەش کە کەشف نـەبێت مراخانیەکـەی دوو بـەر بـوو لـە ناوەوە لۆکەی تیا بوو بۆمان هەڵوەشان و پارەکـــەمان تیادانـــاو دوایـــش بۆمـــان دووریـــەوە ئینجـا لـە بـەری کـردوو ڕۆی، پارەکەشی گەیاند بوو بۆیان.

دوایش کە بەر بووم ماوەی( ٦ ) مانگ لـە مـاڵی شـێخ محەمـەدی شـێخ عەبـدول کـەریم خـۆم شـاردەوە . دوایش مـاوەی سـاڵێك چـووم بـۆ ( بلـەکێ ) و لـەوێ مامەوە.

مـانگی( ٤ ) جـار ئەچـووم بـۆ لای پێـشمەرگە و خـواردنم بـۆ ئـەبردن. تـا ڕۆژێکیان لە گەڕانەوەمدا لەلای کوڕەکەم بۆردومانیان کردین هەموو ڕامان کرد، کە دواکەوتین جوابیان برد بوو بۆ ماڵەوە کە مـن بـەر کـەوتووم و مـردووم بـەڵام دوای گەڕامەوە.

هـەر عەسری لێ دەهات نانی ئێوارەم ئەخوارد و هەر شەوەو لە ماڵێك بووم بۆ ئەوەی کەشف نەبین. ئیتر ئەوە بەسە بۆ مـن کـە دەبینـم ئێـستا کـورد بـە ئـاواتی خۆی گەیشتووە و ئەم ئازادیەش بۆ ئێمە هاتۆتە بوون کە دەبینم سەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستان کوردن ، هەموو دنیا بـۆ مـن دەهێنێـت . چـونکە ئـەوەی کـە مێردەکـــەم لــە پێناویــدا شــەهید کــراو کوڕەکەم ڕەنجی بۆ داو خۆم لە پێناویدا زیندانی کرام بە فیرۆ نەچوو.

## سەمیرە عەبدولکەریم ئەمین:

# هةر رؤذةى لة شاخ و طونديك بووين، لاتان سةير نةبيت ئةطةر بلَيم هةر مندالَيكم لة شوينيك بووة



**لەساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ فەرهادی ئامۆزام کە بە (فەدۆ ) ناسراوە ژیانی هاوسەریم پێک هێناوە و سەرەتای پەیوەندی کردنم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣ ئەویش لە ڕێگەی براکەم یوسف پەیوەندیمان هەبوو بە پێشمەرگەوە .**

کێ هاندەرت بوو کە بردەوام بیت لە کاری ڕێکخستن ؟

**خۆشەویستی هاوسەرەکەم هاندەرم بوو زیاترو زۆر پێشمەرگەم خۆشبوێت ، ئەمە هاندەری یەکەمی من بوو .**

* خۆت حەز لە ناخت دا بوو یاخود پابەند بووی بەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەت بچیتە شاخ؟

**خۆمان بە بنەماڵە شەیدای پێشمەرگەو کوردایەتی بووین ، حەزێکی چەسپاو لە ناخمدا هەبوو بۆ پێشمەرگە ، بەلاّم دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا فەدۆ هاندەری دووەم بوو تاکو ئێستاش ئەو ڕێبازەم خۆش دەوێ و لێی دانەبڕاوم .**

چەند شوێن گەڕاویت ؟

**هەر ڕۆژەی لە شاخ و گوندێك بووین ، لاتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم هەر منداڵێکم لە شوێنێك بووە ، ئەو شوێنانەی ژیانم لێ بەسەر بردووە ئەوانەن : چیوێ ، بالیسان ، توتمێ ، عەوێنەوە ، مەحسوناوەو چەند شوێنێکی تر . بەلاّم زۆر ترین کات لە عەوێنە ژیانم بەسەر بردووە .**

ژیانی پێشمەرگایەتی و لە هەمان کاتیشدا دایك بوویت چۆن ئەو ژیانەت دابەش کردبوو؟

**بە حوکمی ئەوەی منداڵم هەبوو ئەرکی ژنی شاخ زۆر قورس بوو هەر بەدەم خۆشە تۆ نان خواردن بۆ پێشمەرگە ئامادە بکەیت و تۆپ و تەیارەش بەسەر سەرتەوە بێت و هەر ڕۆژەی ماڵمان لە شوێنێك بوو ، من دایك بووم و پێشمەرگەو هاوسەریش بووم .**

بەسەرهاتێكی ناخۆش كە بیرت ناچێتەوە؟

**ڕۆژێكیان لە شاخ گەڕامەوە بۆ شار دوای ئەوەی ماوەیەك بە نهێنی مامەوە دواتر بڕیارمدا (كلاشنكۆفێك) لەگەڵ خۆم ببەمەوە شاخ ، ئەوسا بازگەكان زۆر توند بوون منیش كلاشینكۆفەكەم لەگەڵ منداڵەكەم پێچایەوە قوماتم كرد. كە دەرگای سەیارەكەیان كردەوە ڕۆحم لە ناو دەستمدا بوو بەلام ئەوەندە دوعام خوێند تا بەسەلامەتی ڕزگارم بوو . جگە لەوەش هەواڵی شەهید كردنی( محسن) ی برام ڕۆژێكەو كارەساتێكە هەرگیزاو هەرگیز بیرم ناچێتەوە.**

خۆشترین ڕۆژ لە ژیانتا چ ڕۆژێكە ؟

**ڕاپەڕین بەلای منەوە خۆشترین ڕۆژ بوو لە ژیانی من .**

دوا ووتەت چی یە ؟

**هیوادارم لە بیر نەكرێین و ناوە ناوە بەسەرمان بكەنەوە و وەكو پێویست ڕێزمان لێ نەگیراوە ، ئومێدەوارم كوردستان زیاتر سەركەوێت و كوردیش بۆ هەتا هەتایی بە ئاوات و ئامانجەكانی خۆی بگات ، ئێمەی ژنانیش مافەكانی خۆمان بە تەواوی بەدەست بهێنین.**



## جەمیلە شێخ مەحمود:

### تةحةداى ئةوةم دةكرد كة بةذن دةوترا زةعيفةو هةميشة دةمويست بةشدارى خؤثيشاندان و كارى ريكخستن بكةم

**لە ١٩٨٢\٦\١٠ یەكەم نامەم نوسی بۆ تیپی ٣٧ ی شارباژێر و خوشكێكم كە لەخۆم گەورەتر بوو مێردەكەی سەربازی هەڵهاتوو بوو لە گوندی دێگەڵە نیشتەجێ**

بوو بۆی بردم بۆ ئەو تیپە و بەڕێز ( کاوە سەلیم) کە ڕابەری سیاسی تیپەکە بوو لەڕێزی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا ڕێکی خستم. بەبێ ئەوەی خێزانەکەم ئاگادار بن و پاش چەندین ماوە ئینجا خوشکەکەم بەو کارە ڕازی بوو.

بێگومان بڕیارێکی وا گرنگ لەو سەردەمەدا دەرئەنجامی چەند هۆکارێکە یەکێ لەوانە خێزانەکەمان نیشتمان پەروەر بوو باوکم زۆر جار باسی دڕندەیی حکومەت یەك لە دوای یەکەکانی عیراقی بۆ دەکردین کە دەرهەق بە کوردستان ئەنجامیان دەدا کە ئەوش لە منداڵیەوە ڕقێکم لەلا دروست بوو دژی ڕژێم . خۆپیشاندانەکانی بەهاری ساڵی ١٩٨٢ ئەوکاتە کە من خوێندکاری ناوەندی بووم لە سانەوی کوردستان هۆکارێکی تر بوو هۆکارێکی تر کە خۆم بە هاندەرێکی سەرەکی دەزانم ئەویش تەحەدای ئەوەم دەکرد کە بەژن دەوترا زەعیفەو هەمیشە دەمویست لاسای کوڕە هاوتەمەنەکانم بکەمەوە و بەشداری خۆپیشاندان و کاری ڕێکخستن بکەم ، هۆکارێکی تر هەمیشە خەریکی خوێندنەوە بووم کتێبەکانی( دایك)ی مەکسیم گۆرگی و ژانی گەل و چەندان کتێبی تر ، دایکم ڕۆڵێکی زۆر گەورەی بینی لە بەردەوام بوونم کە ماوەی( ٨ ) ساڵ پێش ڕاپەڕین کاری ڕێکخستن بکەم و نهێنیەکانمی بە دزی باوکمەوە دەپاراست .

باوکم یەکێك بوو لە ڕێگرەکانم ، چونکە وەك هەر باوکێکی تر لە ترسی دڕندەی حزبی بەعس و ئەقڵیەتی ئەو سەردەمە دەیگوت کچ و سیاسەت و حزبایەتی نەبووەو نابێت ، لەبەر ئەوە باوکم هەمیشە گومانی لێم هەبووە و زۆر جار ڕوو بەڕووی قسەو توڕەبونی دەبوومەوە بۆ نموونە زۆر کێشەی بۆ دروست دەکردم کاتی چونە دەرەوەم بۆ کۆبونەوەکان و کاتی بانگهێشت کردنی هاوڕێکانم بۆ ماڵمان بۆ سازدانی کۆبونەوە ، لەبەر ئەوە ناچار بووم لەدەرەوەی ماڵ ئیشێك بکەم تا چونە دەرەوەم ئاسان بێت بە تایبەتی لە کارگەی جل و بەرگی دوورین کارم دەکرد ، ئەوەبوو ئەو کاتەی باوکم لە ماڵ نیە ئیشەکانم ئەنجام بدەم و بە دزیەوە لە ژوورەکەم دا کتێبم دەخوێندەوەو زۆر بە

نهێنیش گوێم لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان دەگرت . شتێکی زۆر خۆشم بەسەر هات لە ساڵی (١٩٨٣ ) لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانـدا سەعات( ٨ ) ی بەیانی دەبوو گوێ لە ئیزاعە کە بگرم ناچار بووم لە ژووری چێشتخانەکەدا تەشتێکی گەورەمان هەبوو هێنام بەتانیەکم دا بەسەریداو خۆم و ڕادیۆکەم چوینە ژێریەوە خوشکەکەم کە ( ٦ ) ساڵ لە خۆم بچوکتر بوو( ٣ )جار هاتبووە چێشتخانەکەو نەیدۆزیمەوە پاشان گوێی لە نوزەی ڕادیۆکە بوو هات تەشتەکەی بەرز کردەوە منیش زۆر ترسام وام زانی باوکمە .

ڕێگریەکی تر باری کۆمەڵایەتی بوو لەو سەردەمەدا کچ وەك ئێستا لە زۆر خێزان و گەڕەکە شەعبیەکاندا هاتوو چۆکردن ئازاد نەبووە هەمیشە دەبوو حساب بۆ کەس و دراوسێ بکەم و لە قسەو قسەلۆك بترسم . ڕێگریەکی تر کێشەی زەواج بوو کە هەمیشە دەبوو بەچەندین فروفێڵ بەهانە دۆزینەوەو خۆم لەو مەسەلەیە دەرباز بکەم بۆ ئەوەی لە کاری ڕێکخستن دانەبڕێم .

( ٨ )ساڵ پێش ڕاپەڕین کچ بووم و کاری ڕێکخستنم ئەنجام داوە وهەڤاڵی نویم ڕادەکێشا بۆ ڕێکخستن و هەواڵ و زانیاریم بەرز دەکردەوە بۆ ئاستی سەرەوە و ئابونەوەو باربۆم کۆ دەکردەوە بە تایبەت لە دکتۆرو دەوڵەمەندەکانی شار زۆر دڵم بەو کارانەم خۆش بووەو هەر چەندە پڕ مەترسی بووە کە زۆر جار لە گرتن نزیك دەبوومەوە . تا ئێستا لە( ی ن ك) دانەبڕاوم هەموو پلەکانم بڕیوەو ئێستا لێپرسراوی لیژنەی سلیمانی مەکتەبی مافی مرۆڤم و ئەندامی مەکتەبم , ئەم شوێنە لە ئاست حەزو شارەزای مندا نیەو دەمەوێت لە شوێنێك کار بکەم کە بتوانم زۆرترین خزمەت بە خەڵك بگەیەنم چونکە لەو بڕوایەدام کە شۆڕش سەرکەوتنی بەدەست هێنا دەبێت هەموو توانایەکی بۆ خزمەتی خەڵك بێت لەگەڵ پاراستنی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە ئەوەش بە ئیمکانیەت و دەسەڵات دەکرێت .

بەفرین عومەر رەفعەت:

# خؤشةويستى باوكى منداَلةكانم هاندةرم بوو بةردةوام بم لة كارى ڕيكخستن



**كاتێك كچ بووم پەیوەندیم هەبوو بە ڕێكخستنەوە لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٨ دواتریش كە شووم كرد بە باوكی كانیاو واتە ماMۆستا( چەتۆ حەوێزی) ئەویش لە ڕێكخستندا كاری دەكردو ئەوەندەی تر خۆشحاڵ بووم پەیوەندییەكەم زیاتر بوو بەڵام خۆشەویستیەكی یەكجار زۆرم بۆ ناوی پێشمەرگە هەبوو، ئەو پەڕی قەناعەتیشم هەبوو كە ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێشمەرگەیەك پێكهێنم كە دەتوانم بەختەوەر بم. چونكە ئەوسا پێشمەرگە نهێنی بوو بەڵام جێگای فەخرو شانازی بوو.**

دەكرێ بزانین چۆن ماMۆستا چەتۆت ناسی؟

**–كەمێك ناسیاویمان هەبوو، ئەوسا من لە قۆناغی ئامادەیی بووم, سەرەتا كەمنی بینی یەكسەر داوای كردم بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندكار بووم بارودۆخم گونجاو نەبوو بۆ شووكردن, بەڵام دوای ئەوەی كە لە پەیمانگای ماMۆستایان وەرگیرام جارێكی تر داوای كردمەوە ئەمجارەیان توانیم لەگەڵیدا ژیانی هاوسەری پێك بهێنم.**

* سەرەتای ژیانی هاوسەریتان چۆن بەسەر برد لە كاتێكدا هەردووكتان لە ڕێكخستندا كارتان دەكرد ؟

**– كاتێ ژیانی هاوسەریمان پێك هێنا لەسەر بنەمای خۆشەویستیو ڕێزو وەفامان بۆ یەكتری. دواتریش ئەوپەڕی قەناعەتمان بۆ كوردایەتی، ئەمە درێژەی كێشا بۆ ماوەی (٣) ساڵ بەنهێنی لەكاری ڕێكخستندا كار بكەین دواتر لە ساڵی (١٩٨١) ئەو چووە دەرەوەو منی بەجێهێشت منیش ژیانێكی پڕ لەترس و دڵە راوكێم لە نێوان شاخ و شاردا بەسەر دەبرد.**

* كێ هاندەرت بوو كە بەردەوام بیت لە كاركردن لەڕێكخستندا؟

**– خۆشەویستی باوكی منداڵەكانم هاندەرم بوو بەردەوام بم لە كاری**

ڕێکخستن.

* ئەو کۆسپ و ڕێگریانە چی بوون ئەوسا دەهاتنە بەردەمت ؟

– **سەرەتای کۆسپ و ناخۆشیەکانم لەگەڵ ڕۆیشتنی هاوسەرەکەم بۆ دەرەوە دەستی پێکرد . ترس لە گیران و ئەرک و خزمەتی منداڵەکانم غەریبی و تەنهایم لەلایەکی ترەوە بەردەوامیش دڵم لەلای هاوسەرەکەم بوو چونکە تاقانە بوو . ئەوسا وەك و ئێستا ئازادو بێ مەترسی نەبووین بەردەوام دڵمان لەناو لەپی دەستمان بوو وچاوەڕوانی گرتن بووین .**

* ناخۆشترین کارەسات بەسەرت هاتبێ چی بوو ؟

– **برایەکم لەگەڵ باوکی منداڵەکانم پێشمەرگە بوو ، کاتێك شەهید بوو ، ناخۆشترین کارەسات بوو لەژیانی من . ئەوەندەی تر ڕقی منی بەرامبەر دوژمن بەهێز کرد و پێشمەرگەی هێندەی تر لای من خۆشەویست کرد , جێگای شانازی بوو بۆ ئێمە چونکە شەهید بوونمان بە باشتر دەزانی لە چاو لاوازی و ژێر دەستەیی .**

* هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەرێتیت لەگەڵ مامۆستا چەتۆ خۆشەویستی بوو بۆ پێشمەرگە یاخود لە نزیکەوە دەتناسی ؟

– **خۆشەویستی پێشمەرگە وای لێکردم لەگەڵ کەسێکی تێکۆشەر ژیانی هاوسەری پێك بهێنم ، ئەمەش بوو وای کرد زیاترو زۆرتر پێشمەرگەو ڕێگای خەباتم خۆشبوێ .**

* هۆکاری چیە لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیوەندیەکانت لەگەڵ ڕێکخستن و پێشمەرگایەتیدا بەشێوەیەك پچراوە ؟

– **سەر قاڵیم بە ماڵ ومنداڵ و خێزان ئەمە بۆ خۆی وای لێکردوو لە کارەکانم سست ببمەوە ، بەڵام هاوکاری و یارمەتی دەریان بووم بەبەردەوامی بە دڵ و ڕۆح تێکەڵاوی پێشمەرگە بووم .**

* هەست دەکەی وەك و پێویست گەیشتوێتە ئەو ئاستەی کە مەبەستت بوو ؟

– **بەڵێ هەست دەکەم کورد سەرکەوتووە . میلەتێکە وا بەئاسانی ئازادی ئەمڕۆی بەدەست نەهێناوە ، کۆمەڵێ بەرهەم بەدەست هاتوون هیوادارم بتوانین زیاتریش بەدەست بهێنین لە داهاتوودا .**

* گرنگترین شت کە هەرگیز بیرت ناچێتەوە چیە ؟

– **ئەو شەوە بوو کە دوای کارەساتی ئەنفالەکە ویستمان بڕۆینە دەرەوە خۆم و منداڵەکانم بووین بەترس و لەرزو دڵە ڕاوکێ لە شەودا ڕۆیشتین تا گەیشتینە شێنێ و زەڵێ و سونێ .**

* هیوا ئاواتی داهاتووت چیە ؟

– سەرکەوتنی میلەتی کورد لە ژێر ئالأی یەکێتی ، بەدەست هێنانی تەواوی مافەکانمان بەتایبەتی مافەکانی ژنان وەکو پێویست بەدەست نەهاتوون . خەباتی ئێمەی ژنانی شاخ بە خزمەت بۆمان حیساب بکرێت . هیوادارم هەموومان خۆمان بە خاوەنی کەسوکاری شەهیدان دابنێین و ئەرکی بەرپرسیارێتی بگرینە ئەستۆ .

ئەوەی جێگای باسکردن و ئاماژە پێدانە خاتوو بەفرین لەبەر میهرەبانی و دڵسۆزی بۆ پێشمەرگە تاکو ئێستاش لەناو پێشمەرگەکاندا بە( دایک) ناسراوە . ئەمەش بووە وایلێکردووە چەندین جار نان نەدا بە منداڵەکانی و بە برسێتی و بەدەم گریانەوە خەو بیانباتەوە ، چونکە پێیدەوتن : با پێشمەرگەکان بێنەوە ئینجا هەموویان بەیەکەوە نان دەخۆین .

لە دواجاریشدا زانیمان کە دوو جار نەشتەرگەری بۆ کراوە و باری تەندروستی وەك و پێویست لەبار نیە , بەلأم گلەیی ئەوەی هەبوو کە دوای ئەو هەموو خەباتەی لەلایەن هیچ کەسێکەوە بەسەرنەکراوەتەوە , تا ئێستاش حەز دەکات بچێتەوە بۆ گوندەکان و لەگەڵ ئەواندا ژیانێکی سادەی وەکو ئەوسای بەسەر ببات .

## شوکریە کریم قادر:

# لة ئةندامةوة دةستم ثى كردووة هةموو ثلةكانم بريوة



شوکریە کریم قادر ، ئەندامی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلیمانیم . ئێستا لێپرسراوی کۆمیتەی (١١ ی کارێزە وشك)م ئەوساش بە(شەهلا) ناسراو بووم لە ڕێکخستن کاتێك لە ناو شاردا بووم بەلأم کە چوومە دەرەوە هەر بەناوی خۆم

ناسراو بووم .

ساڵی (١٩٧٦ ) پەیوەندیم کرد بە ڕێکخستنەوە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان .

*ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنت ئەوسا چی بوون ؟

–ئەوسا لە شاری سلیمانی دانیشتووی گەڕەکێکی هەژار نشینی شارەکە بووم کە( خانەقا) بوو , ئەوسا ژیان سادە بوو کۆمەڵگەو مرۆڤەکانیش وەکو ئێستا نەبوون هەموو پابەند بوون بە دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان . ئەوسا کچ بووم خوێندکاری ناوەندی بووم ، کەس و کارم ڕێگرم بوون لەبەردەم کارکردنم چونکە ئەوساکە هەر کچێك لەلایەن بەعسەوە بگیرایە جگە لە ئازاردان و ئەشکەنجەدان خەڵکیش هەزارەها ناو ناتۆرەیان بۆ هەڵدەبەست ئەمە بوو ترسێکی لەلای هەموو خێزانێك دروست کردبوو و کە ڕێگە نەدەن کچەکانیان لە ڕێکخستندا کار بکەن سەرەڕای ئەوە من ئەو تەوق و ئاستەنگانەم شکاند کە لەبەردەمدا بوون ، خۆشەویشستی پێشمەرگە وایلێکردم بە دزی ماڵەوە ئەم کارە بکەم دوایی پاش ماوەیەك نهێنیەکەم ئاشکرا بوو . لەگەڵ خوشکەزاکەم بەیەکەوە کارمان دەکرد .

–دواتر دوو برام بوون بە پێشمەرگەو خوشکەزاکەیشم شەهید( جەمالە رەش )ی ناوە . لەگەڵ بەڕێز( مەلا بەختیار ) بەیەکەوە کارمان دەکرد. منیش لای خۆمەوە پەیوەندیم هەبوو لەگەڵ چەند دەستە خوشکێکم لەوانە( ئاشتی بوو وەسفیە خانی خێزانی عەلی شامارو ڕووناك شێخ جەناب ) ئەمانە شانەیەك بوون .

*تۆ جگە لەبراکانت و خوشکەزاکەت کێ تر هاندەرو ڕێگرت بوو ؟

– ڕێگریەکانی ماڵەوەم تەنها ماوەیەك بوو . بەڵام دواتر هەموو خێزانەکەم هاوکارو یارمەتی دەرم بوون . پێش سەرەتای شۆرشی نوێ کە ساڵی( ١٩٧٦ ) بوو پێشتریش بنەماڵەکەمان لە ڕێکخستندا کاریان کردووە بەڵام تەنها بۆ کچ ڕێگر بوون ئەویش لە بەرپاراستنی شەرەف و ناموس ، زۆربەی کەس لە ماڵی ئێمەوە بەڕێکراوە بۆ دەرەوە و یارمەتی دراون لەوانە ( شەهید عەزیز ، شەهید عەلی ئامە خان ، شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان ، شەهید ئارام ، شەهید جەمالی عەلی باپیر ) ئەمانە هەموویان بە

چەند مانگ بە نهێنی لە ماڵی ئێمەدا ماونەتەوە ، دواتریش هەر لە ماڵی ئێمەوە بەرەو شاخ ڕۆیشتوون . ئەو کاتەی ژیانی پێشمەرگایەتیم هەڵبژارد فەرمانبەر بووم لە دائیرەی تەلەفونات ئیتر کاتێك ئاشکرا بووم ( القاء قبض )م دەرچوو ، شووم نەکردبوو ئەوساش لەوکاتەدا هاوکارێکی شۆڕشگێڕ کە ئێستا هاوسەرمە ( حاکم برایم ) داوای کردبووم . من پەیوەندیم بە (گێلاس )خانەوە هەبوو کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانە . دوا ڕۆژ شەرواڵێکم لەبەر کردو چومە لای گێلاس خان پرسیاری لێکردم و وتی ئەوە چی یە ؟ منیش وتم دەبمە پێشمەرگە و لە هەمان کاتیشدا شووەکەم بە پێشمەرگەیەك . لەساڵی (١٩٨٤) بوو چوومە دەرەوە و شوم کرد بە حاکم برایم سەرەتا لەسورداش بووین دواتر چوین بۆ ناوچەو شوێنی تر.

* یەکێ لەو کارانەی کەڕوو بەڕووی مەترسی کردبیتەوە چی بوو؟

– جاران ژیان پڕ لە مەترسی بوو بەتایبەتی بۆ ژنان منیش چونکە هات و چۆم دەکرد لە نێوان شارو شاخدا شتم دەهێناو دەبرد زۆر جار لە بازگەکاندا ڕووبەڕوی مەترسی دەبومەوە ، یەکێ لە وانە جارێکیان زۆر نەخۆش بووم هاتمەوە ناو شار چەندین ڕاسپاردەم هێنایەوە ماوەیەك مامەوە و دواتر شتەکانم دابەشکردە سەر ئەندامانی ڕێکخستن و ڕاسپاردەو وەڵامەکانم وەرگرتەوە و لە گەڕانەوەمدا بازگەکان زۆر توند بوو. نەمزانی ڕۆژی پێشتر پێشمەرگە چالاکییان ئەنجامداوە ئەوسا هاوسەرەکەم لە( بەلەکجار) لە قەرەداغ حاکم بوو زۆر ناسراو بوو منیش دەناسرام لەبەرئەوە ترسی گرتنم هەبوو ناسیاوێکمان لە بەغداوە هاتبوو لە گەڵمدابوو کە دەیویست مێردەکەم ببینێت کە گەیشتینە بازگەکان هەمووانیان دابەزاند. پرسیاریان لە من کرد هەرچەندە عەرەبیم دەزانی بەلاّم خۆم کرد بە کەڕولاڵ و وتم بەس کوردی دەزانم ئەو ژنەی لەگەڵمدا بوو بە عەرەبی وەڵامی دایەوە منیش ئیشارەتم بۆ کرد کە قسەیەك نەکات. بە عەرەبی پرسیاری لێکردم سەربازێك پێیوتم بۆ کوێ دەڕۆیت؟

منیش وتم: بۆ تەعزیە دەچمە قەرەداغ باوەڕیان پێ نەکردم چونکە هەندێ بامێی

وشك و جل و بەرگی کوردیم پێ بوو بۆ پێشمەرگەکانم کڕیبوو. بەڵام من سووربووم لەسەرئەوەی بۆ تەعزیە دەچم, بۆیە وتیان تەعزیەی کێ و کێ مردووە؟ منیش وتم شێخ فلان کەس هەر لەخۆمەوە ناوێکم وت. بە تەلەفون و جیهاز پەیوەندیان کرد بە قەرەداغەوە. پرسیاریان کرد تا بزانن پیاوێك مردووە بەو ناوە. سودفەیەکی خۆشبوو کە وەڵامیان وەرگرتەوە لە شانسی من پیاوێك بە هەمان ناو مردبوو. بۆیە ڕێگەیان پێدام و ڕۆیشتین. بەڵام ناوم درابووە بازگەکان و چاودێریان خستمە سەر منیش ناچار بە کابرای شۆفێرم ووت لە دوا بازگە دامبەزێنێت بەپێ دەڕۆم کاتێ بازگەی پێشمەرگەکانم بینی لە دوورەوە وەکو گوڵێك گەشامەوە دابەزیم و ڕۆیشتم بۆلایان. ئەمجارە بوو بەرێکەوت ڕزگارم بوو.

*تا ئێستا لە ڕێکخستن دانەبڕاویت ؟

–لە ئەندامەوە دەستم پێ کردووە هەموو پلەکانم بڕیوە پێنج ساڵ ئەندامی کۆمیتە بووم کەرتێکی ژنانم لابووە دواتر کردم بە دوو کەرت دواتر لە ساڵی (١٩٩٦ ) دا چوومە ناو مەڵبەندی ڕێکخستنی سلیمانی بوومە ئەندام بەش تا ماوەی (١٠ ) ساڵ پار بە هەڵبژاردن کرامە ئەندامی مەڵبەند ئێستاش ماوەی( ٤ ) مانگە لێپرسراوی کۆمیتەی کارێزە وشکم.

*هەست دەکەی گەیشتووی بەو ئاستەی کە خۆت مەبەستت بوو یاخود وەك و پێویست ڕێزت لێگیراوە ؟

–من وەك و خۆم حەزی زۆرم لە کاری ڕێکخستنە ئەمەیە وای لێکردم هەوڵ بدەم بە بەردەوامی بۆ ئەوەی پلەکانی بە تەواوەتی ببڕم گرنگترین شت ئەوەیە تەنها لێپرسراویەتی نەکەم بۆ وەرگرتنی کورسی بەڵکو زیاتر هەوڵبدەم بۆ خزمەت کردن بەڵێ هەست دەکەم بەری ڕەنج و ماندوو بوونی خۆمە ئێستا پێی گەیشتووم . بەڵێ ئەم ئازادیەی ئەمڕۆمان بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانمانە ، بوونی سەرۆك کۆمارێکی کورد بەرهەمێکی ترە لە خەباتی کوردو پێکهێنانی حکومەتێکی فیدرال یە . هیوادارم لە داهاتوودا دەوڵەتێکی کوردی پێك بهێنین.